## سردشت در گذرگاه انقلاب

لە درێژەی ناساندنی کتێبی سەرچاوە سەبارەت بە شارەکانی دەوروبەری بۆکان *(بەشی 16، 19، 81، 82، 86 تا 93، 114، 164، 165 و 197 ی ئەم زنجیرە ووتارە)*، لێرەدا کتێبێک دەناسێنم کە بازرگانێکی سەردەشتی سەبارەت بە ڕووداوەکانی ساڵانی شۆڕشی 1357[1979]ی ئێران لە سەردەشت نووسیویەتی و سەرەڕای ساکاری، گەلێک پڕ زانیاریی و بەبەڵگەیە. خۆزگە بازرگان و خەڵکانی شارەزای شارەکانی دیکەی کوردستانیش ئەو هیممەتەیان هەبوایە و هەرکام بەڕادەی توانا بەشێک لە مێژووی شار و ناوچەکانی خۆیانیان بۆ نەوەی دواڕۆژی کورد تۆمار بکردایە.

من بە بێ ئەوەی هەڵوێست لە بەرانبەر بۆچوونەکانی نووسەر بگرم دەڵێم ئەو هەموو بەڵگەیەی ئەو پاراستوونی و ئێستا خستوونیەتە بەردەستی خوێنەر، واهەیە لە توانای دەیان کەس دا نەبوایە گردوکۆیان بکات و بۆ ئەم کارە دەبێ هەمووومان سپاسی بکەین.

نووسەر - کاک ڕەحمان شەمامی، کەسایەتییەکی ناسراوی شاری سەردەشت بووە و لە سەردەمی حوکمی شادا مودیری عامیلی شێروخورشید و بە شێوەیەک، نزیک بووە لە دام و دەزگا حکومییەکان. لە سەردەمی شۆڕشیشدا بەرپرسێکی "شوڕای انقلاب" بووە لە سەردەشت.

ڕووداوەکانی شۆڕشی ئێران لە موکریان، شەڕی ئێران و عیراق، کۆڕەوی کوردی باشوور، کاروباری پەروەردە، تەندروستی، ئاسایش، حزبایەتی، بازرگانی، سیاسەت و بەگشتی کەمتر ڕووداوێکی سەردەشت و ناوچەکە هەیە کە لە کتێبەکەدا ڕەنگیان نەدابێتەوە. ژمارەی بەڵگەنامە و وێنەی ناو کتێبەکە و بۆ نموونە دەستخەتی ڕێزدار جەلال تاڵەبانی و کەسایەتییە سیاسییەکانی تر و بەرپرسانی حکوومیش لە کتێبەکەدا گەلێک زۆرن.

بەشی زۆری ئەو ڕووداوانەی وا لەو ساڵانەدا لە سەردەشت ڕابردوون، ناوچەی موکریان و بۆکانیش دەگرنەوە و لەوانە: شەڕی کوردستان، هاتنی خەڵخاڵی، شەڕی نەغەدە و بە گشتیی مێژووی ساڵانی ژیانی نووسەر لە سەردەشت، کەم واهەیە هاوپەیوەند و هاوبەش نەبووبیت لەگەڵ ڕووداوەکانی بەشەکانی دیکەی موکریان و بۆکان. نووسینی مێژووی ئەو سەردەمەی بۆکان وا هەیە بەبێ بەڵگەنامەکانی نێو ئەم کتێبە ناتەواو بێت.

رحمان شمامی، "سردشت در گذرگاه انقلاب – مجموعه حوادث سالهای قبل و بعد از انقلاب به روایت یک بازرگان همراه با تصاویر و اسناد و مدارک تاریخی"، ناشر: مولف، چاپ اول، 1386[2007]، 1256صفحه، فارسی.

ISBN:9789649659458